الحق
AL HAQQ

وەڵامی دوو پرسیاری گرینگ سەبارەت بە مانگی ڕەمەزان

نوسەر :
مامۆستا ئوسامە تەوحیدی شارەزووری

پرسیار

1- کەی پارشـێو کەین و تاکەی بەردەوام ببین لە خواردن و کەی ڕۆژو بشکێنین؟

2- ئایا خەڵکی ئەمڕۆ چی بکەن لە کاتێـکدا ناتوانن فەجری ڕاستگۆببینن کاتێ دەرئەکەوێت بەهۆی ڕووناکی گڵۆپی ناوشارەکان و بەرزی باڵەخانەکان ئایا لەگەڵ بانگـدا خۆیان بگرنەوە لە خواردن و خواردنەوە ؟

بسم الله الرحمن الرحيم

پرسیاری یەکەم // کەی پارشـێو کەین وتاکەی بەردەوام ببین لەخواردن وکـەی ڕۆژو بشکێنین؟

قال تعالى: ﴿ وكلوا واشربوا حتى يتبين لكم الخيط الأبيض من الخيط الأسود من الفجر ثم أتموا الصيام إلى الليل ﴾ (البقره: ١٨٧)

بەدرێژایی شەوگار بخۆن و بخۆنەوەو بچنە لای خێزانەکانتان هەتا ئەوکاتە هێڵی سپیایی دەمەو بەیان لە نێو هەودای ڕەشی شەو لە ڕۆژهەڵاتەوە دەردەکەوێ و جیا ئەبێتەوە پاشان ڕۆژوووەکەتان ببەنە سەرو تەواوی بکەن تا خۆرئاوا ئەبێت.

کەواتـا شەوانی ڕەمەزان و پارشێو تادەرکەوتنی فەجری ڕاستگۆیە ئەمە ئەصل و بناغەیە بۆ بابەتەکە بـۆ هەرکەسێک لە شوێنێکدا بژێت بتوانێت فەجری ڕاستگۆ ببینێت وبیناسێتەوە

مکحول ئەفەرموێت : (رأيت ابن عمر أخذ دلوا من زمزم وقال لرجلين أطلع الفجر؟ قال أحدهما قد طلع وقال الآخر لا فشرب ابن عمر)

ابن عمرم بینی سەتڵیک ئاوی زەم زەمی هێنا بیخواتەوە بە دووپیاوی فەرموو ئایا فەجر دەرکەوتوە ؟

یەکیان وتی بەڵێ دەرچوە

یەکیان وتی نەخێر دەرنەچوە

ابن عمر ئاوەکەی خواردەوە

ئیمام ی عمری کوڕی خطاب ئەفەرموێت : (إذا شك الرجلان في الفجر فليأكلا حتى يستيقنا) [المحلى (4/367)]

گەر دووپیاو دوو دڵ بوون لەدەرکەوتنی فەجری ڕاستگۆ بابخۆن وبخۆنەوە تادڵنیائەبنەوە

کەواتا ئەصل ئەوەیە کاتێ یەقینت بوو فەجر دەرکەوتوە ئەوا ئیتر خۆت ئەگریتەوە لە خواردن و خواردنەوە و کاتی ڕۆژووگرتنە.

ئەی چی کاتێ کاتی ڕۆژووشکاندن ە ؟

لەگەڵ ئاوابوونی خۆر ئیتر کاتی ڕۆژوو شکاندنە رسول الله صلى الله عليه وسلم ئەفەرموێت : (وَغَرَبَتِ الشَّمْسُ فَقَدْ أَفْطَرَ الصَّائِمُ) [رواه البخاري (1954) ومسلم (1100)]

کاتێ خۆر ئاوا بوو ئەوا ڕۆژوان ڕۆژوەکەی ئەشکێنێت.

کەواتا سەرنج بەن : ڕۆژووگرتن وشکاندنی پەیوەستە بەدەرکەوتن فەجر و ئاوابوونی خۆر نەک بەبانگ بەڵام گەر بانگ لەگەڵ فەجری ڕاستگۆ درا ئەوا واجبە دەست بەجێ خۆت بگریتەوە لەخواردن وخواردنەوە

ابن عمر و **عائشة** رضي الله عنهم گێڕاویانەتەوە رسول الله صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی : (إِنَّ بِلالا يُؤَذِّنُ بِلَيْلٍ فَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يُؤَذِّنَ ابْنُ أُمِّ مَكْتُومٍ) [رواه البخاري ومسلم]

بیلال بەشەو بانگ ئەیات (بۆئەوەی کەسی خەوتوو بەخەبەربێتەوە) بۆیە بخۆن وبخۆنەوە تا ابن ام مكتوم بانگ (دووەم ئەیات)

لەڕیوایەتێکی تردا هاتوە ئەفەرموێت : (وَلَمْ يَكُنْ يُؤَذِّن إِلا بَعْد طُلُوع الْفَجْر) ابن ام مكتوم بانگی نەئەیا تا فەجری ڕاستگۆ دەرئەچوو .

کەواتا گەر دڵنیابویت بانگ لەگەڵ فەجری ڕاستگۆ ئەدرێت واجبە خۆت بگریتەوە لەخواردن وخواردنەوە

وە لەوانەیە بپرسیت ئەی ئەم فەرموودەیە واتای چیە کەپێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی : إِذَا سَمِعَ أَحَدُكُمْ النِّدَاءَ وَالإِنَاءُ عَلَى يَدِهِ فَلا يَضَعْهُ حَتَّى يَقْضِيَ حَاجَتَهُ مِنْهُ. [(2350)عون العبود]

ئەگەریەکێ لەئێوە گوێی لەبانگ بوو قاپ وپەرداخەکەی لەبەردەستیدا بوو بادایبنێت تا پێویستیەکەی خۆی تەواوئەکات (لە خواردن و خواردنەوە)

لەوەڵامدا ئەڵێین ئەم فەرموودە بۆ بانگەکەی بیلالە واتا بانگی یەکەم کە هێشتا فەجری ڕاستگۆ دەرنەچوە

ئیمام ی البيهقي ئەفەرموێت : (إن صح هذا يحمل عند الجمهور على أنه صلى الله عليه وسلم - قال حين كان المنادي ينادي قبل طلوع الفجر بحيث يقع شربه قبل طلوع الفجر قلت : من يتأمل في هذا الحديث وكذا حديث كلوا واشربوا حتى يؤذن ابن أم مكتوم فإنه لا يؤذن حتى يطلع الفجر) [عون المعبود 6/382]

ئەم فەرموودە ئەگەر صحیح بێت ئەوا بەوە لێک ئەدرێتەوە لەلای جمهوری زانایان پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم كاتێ ئەمەی فەرمووە بانگ بێژبوە کە پێش فەجری ڕاستگۆ بانگی یاوە بە جۆرێک خواردنەوەکەی بکەوێتە پێش دەرکەوتنی فەجری ڕاستگۆ جاهەرکەسێ لەم فەرموودە تێڕامێنێ لەگەڵ ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کە فەرمووی بخۆن تا ابن ام مكتوم بانگ ئەیات چونکە ئەو بانگ نایات تا فەجری ڕاستگۆ دەرەچێت .

کەواتا ئەم فەرموودە مەبەست پێی بۆ بانگێکە کە پێش وادەی دەرکەوتن ی فەجری ڕاستگۆ بدرێت ئەمما بانگێک لەگەڵ فەجردا بانگ بات ئەوا نابێت بخۆیت وبخۆیتەوە.

ئیمام ـی نەوەوی ئەفەرموێت رحمه الله تعالی له [المجموع (6/333)] : ذكرنا أن من طلع الفجر وفي فيه (فمه) طعام فليلفظه ويتم صومه، فإن ابتلعه بعد علمه بالفجر بطل صومه وهذا لا خلاف فيه

باسمان کرد کە ئەگەر فەجر دەرکەوت و کەسێ خواردن لە دەمیدا بوو بافڕێی بات لە دەم خۆی بەڵام گەر خواردنەکەی قوت یا دوای ئەوەی زانی فەجر دەرکەوتوە ئەوا ڕۆژوەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە لە مەشدا ڕاجیاوازی نیە .

کەواتا تائێرە بناغە وبنەمای ڕۆژوگرتن وشکاندنمان زانی ئێستا ماوەتەوە بپرسین

پرسیاری دووەم // ئایا خەڵکی ئەمڕۆ چی بکەن لەکاتێکدا ناتوانن فەجری ڕاستگۆببینن کاتێ دەرئەکەوێت بەهۆی ڕووناکی گڵۆپی ناو شارەکان وبەرزی باڵەخانەکان ئایا لەگەڵ بانگدا خۆیان بگرنەوە لەخواردن وخواردنەوە ؟

وەڵام // گەر کـەسێ دڵنیابێت بانگەکە لەگەڵ فەجری ڕاستگۆ ئەدرێت ئەوا حەرامە بخوات وبخواتەوە لەگەڵ بیستنی بـانگ بـەڵام گەر دوودڵ بێت وپێی وابێت بانگەکە پێش فەجری ڕاستگۆ ئەدرێت ئەوا دیسان واباشترە خۆی بگرێتەوە لە خواردن وخواردنەوە وەک احتیاط چونکـە تۆ نازانیت ولێتەوە دیارنیـە وە بۆشت دەرناکەوێت کـەوا کەی فەجری ڕاستگۆ دەرئەکەوێت وە ئەندازەی ئەقڵیش دامەنێ لە خۆتەوە بڵێی ئەوەندە خولەک دوای بانگ فەجر دەرئەکەووێت چونکە ئەمە تەنها قسەیە و دین ـی لەسەر بونیاد نانرێت

بۆیە پێویستە خۆت بپارێزێ چونکـە ناتوانیت فەجری ڕاستگۆ ببینیت بـۆیە واباشە بۆسەلامەتی ڕۆژووەکەت خۆت بپارێزیت لەخواردن وخواردنەوە چونکە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەفەرموێت : (دَعْ مَا يَرِيبُكَ إِلَى مَا لا يَرِيبُكَ) واز لەوشتە بهێنە کەگومانت لێ هەیە بۆئەوشتەی کەوا گومانت لێ نیە

مەشڵی ئەوەتا ابن عمر کاتێ گومانی بوو ئاوەکەی خواردەوە چونکە ابن عمر ئەیتوانی فەجر ببێنێت ودڵنیاببێتەوە بۆیە کەتۆ گومانت لەبانگەکە هەیە ناتوانێت فەجر ببینیت تا دڵنیاببیتەوە مەگەر کاتێ دڵنیاببیتەوە ئاسمان هەمووی ڕووناک بۆتەوە بۆیە مادام گومانەکەت یەقینێکی صەحیح ـی بەدوا نایەت بۆیە لەسەرەتای گوومانەکەوە خۆت بپارێزە لەخواردن وخواردنەوە بـۆسەلامەتی ڕۆژوەکـەت

السرخسي ئەفەرموێت : والأخذ بالاحتياط أصل في الشرع. [أصول السرخسي، 2/ 21] گرتنەبەری احتیاط بنەمایەکە لەشەرع

شێخ ـی ئیسلام ابن تیمیه ئەفەرموێت : زۆرێـک لەفوقەهایان ڕێگەی احتیاط یـان گرتۆتە بەر لەزۆرێـک لەبابەتەکان ـدا .. وە احتیاط لە کردەوەشدا ئەتوانرێت بڵێی کەوا کۆدەنگی هەیە لەنێوان ژیرەکـان لەسەر باشی وپەسەندیەکەی بەشێوەی گشتی [مجموع الفتاوى20/262]

لە وەسفی **ئیمام ی مالک ابن عبدالبر** ئەفەرموێت (وكان رحمه الله متحفظا كثير الاحتياط للدين) [الاستذكار، 3/ 380] ڕەحمەتی الله تعالی ی لێ بێت کەسێکی زۆر پارێزکاربوو (لەوتە وکردارەکانیدا) زۆریش بەاحتیاطەوە ڕەفتاری ئەکرد بۆپارێزگاری لەدینەکەی .

بۆیە بۆ پارێزگاری لە ڕۆژوەکانتان لەگەڵ بانگدا خۆتان بگرنەوە چونکە هەقیقەتی فەجری ڕاستگۆ بۆ هەمووکەس دەرناکەوێت و کاتەکانی دەرکەوتنی فەجریش بەپێی ڕۆژەکان گۆڕانگاری بەسەریەت کەواتا احتیاط بۆ ڕۆژوەکانتان لەگەڵ بانگدا خۆتان بگرنەوە لە خواردن و خواردنەوە لەگەڵ کۆڕای موسڵمانان یاخود جمهوری موسڵمانان بۆ ئەوەی پێچەوانەی عامەی موسڵمانان نەکەیت و بۆ ئەوەی ڕۆژوەکەشت توشی گومان نەبێت تێیدا.

بەڵام احتیاط بۆ نوێژی بەیانی ئەوەیە کەوا مودەیەک لەدوای بانگ بیکەیت بۆ احتیاط ـی ئەوەی کە دڵنیابیتەوە لەکاتی فەجری ڕاستگۆ نوێژەکەت کردووە

کەواتا یەکەم بۆدڵنیابونەوە لەسەلامەتی ڕۆژوەکەت وپاراستنی لەگومان
دووەم بۆپاراستنی نوێژەکەت لە گومانی نەهاتنی وادەی کاتەکەی لە هەردووحاڵەت احتیاط بەکاربهێنن بۆ سەلامەتی ڕۆژو و نوێژوو دینەکەتان.

الله تعالـی زاناترە بەصەواب

الحمد لله رب العالمين